www.kurdistannet.org

11-10-2006 9:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کارەساتی کیمابارانی هەڵەبجە ژمارەی پێوانەی جیهانیی بڕی ... عەتا مەلا کەریم



کوڕەکانم زۆر سەرسام بوون کاتێک لە کتێبی Guinness World Records 2007 دا چاویان بە ناوی هەڵەبجە کەوت وەک گەورەترین ڕوداوی پەلاماری کیمیاوی کە زۆرترین کەس لە تاکە پەلامارێکدا کوژرابێت. ئەو کتێبە تایبەتە بە ڕوداوو کارەسات و دیاردە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان و هەموو ساڵێک چاپێکی نوێی دەکەوێتە بازاڕەوە کە ژمارەی پێوانەیی ئەو ساڵەی تێدایە بۆ هەموو جیهان.

پەلاماری کیمیاوی بۆ سەر هەڵەبجە ئەگەرچی دەقاودەق وەک خۆمان دەمانەوێت لەوێ باس نەکراوە، بەڵام وەک ڕوداوو مەرگەساتێکی گەورە ناوی چووەتە ڕیزی ڕوداوو کارەساتە مرۆییەکانی جیهانەوەو ئەمەش هەنگاوێکی باشە لە بە جیهانی ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کورد.

لەو کتێبەدا باسی کارەساتی جەرگبڕی هەڵەبجە بەمجۆرە کراوە:

زۆرترین ژمارەی کوژراو لە یەک پەلاماری کیمیاویدا

دەوروبەری 4000 کەس لە یەک تاکە پەلاماری چەکی کیمیاویدا کوژران. ئەو قوربانیانە کاتێک لەناوبران کە سەرۆک سەدام حوسەینی ئێراق پەلاماری ئەندامانی کەمایەتی کوردی نێو وڵاتەکەی خۆیدا لە هەڵەبجە، ئێراق لە مانگی ئاداری 1988دا.

بیانوی پشتی ئەو پەلامارە سزادانی کوردەکان بوو لەسەر ئەو پشتگیرییەی کە گوایە لە ماوەی شەڕی ئێران- ئێراقدا 1980-1988 پێشکەشی ئێرانیان کردووە.

دەتوانیت وێنەی ئەسڵی ئەو هەواڵە بە بەدواداچونی ئەو لینکەی خوارەوەدا ببینیت:

http://www. guinnessworldrecords. com/index. asp?ID=46250

سەرچاوە: Guinness World Records 2007

ISBN:139781904994